BARZANI CHARITY FOUNDATION

منداڵپارێزی کوردستان
Kurdistan Save the Children Children's Fund

وەزارەتی پەروەردە

# گەڕانەوە بۆ خوێندن
# (بەرچاوڕوونی)

١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠

unite for children

unicef

# ڕێساکانی فێربوون بەیەکەوە لەکاتی بەرچاوڕوونی؟

- هەوڵدە بەلایەنی کەمەوە ٥ خوولەك پێش دەستپێکردن لەسەرهێڵ بیت.
- دڵنیابە لەوەی مایکرۆفۆنەکەت بێدەنگە لەوکاتەی قسە ناکەیت.
- لەو کاتەی مایکرۆفۆنەکەت کراوەیە، خۆت بەدوور بگرە لەو جووڵانەی کە دەکرێت ژاوەژاو دروست بکەن.
- خۆت خەریک مەکە بەکاری تر، بۆ نموونە: وەڵامدانەوەی ئیمێڵ
- تێبینیەکانت لە (chat box) بنووسە.
- ئەگەر پرسیارت هەبوو، دەتوانی دووگمەی دەستبەرزکردنەوە (raise hand) دابگریت.

# ئامانجەکانی بەرچاوڕوونی:

1) ئاشنابوونی بەژداربووان بە بنەماکانی پەروەردە و سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان.

2) چۆنیەتی ئەنجامدانی "هەڵمەتی گەڕانەوە بۆ خوێندن/فێربوون".

3) ڕاهێنان و ئامادەکردنی کارمەندای مەیدانی ( community mobilizers) بۆ ئەنجامدانی "هەڵمەتی گەڕانەوە بۆ خوێندن/فێربوون"

# خشتەی بابەتەکان:

| | |
|---|---|
| ڕێساکانی فێربوون بەیەکەوە لەکاتی بەرچاوڕوونی سەرهێڵ (online) | |
| بەشی یەکەم:<br>۰۸:۳۰ - ۱۰:۰۰ | بۆچی خوێندن؟ |
| | چوارچێوەی یاسایی خوێندن |
| | ڕێکەوتنامەی مافەکانی منداڵ، خوێندن و ماف |
| | جۆرەکانی خوێندن |
| | سیستەمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان |
| | هەڵمەتی گەڕانەوە بۆ خوێندن/فێربوون |
| ۱۰:۰۰ - ۱۰:۳۰ | پشوو |
| بەشی دووەم:<br>۱۰:۳۰ - ۱۲:۰۰ | پەیامەکانی هەڵمەت و کاریگەری خستنە سەر کۆمەڵگە (دایبابان/باوان) لە ڕێگای گفتوگۆ و ووتووێژ. |
| | تۆمارکردنی منداڵ لەسیستەمی سەرهێڵ ( online system) |

# بۆچی خوێندن؟

- فێربوونی خوێندنەوە و نووسین (literacy)
- بەدەستهێنانی زانیاری
- دۆزینەوەی توانا شاراوەکان
- فێربوونی کارامەیی وەک بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، بریاردان، گفتوگۆکردن،....هتد
- فێربوونی زمان بەشێوەیەکی زانستی
- زیادکردنی دەرفەتی دۆزینەوەی کار
- کەمکردنەوەی هەژاری
- کەمکردنەوەی دیاردەی منداڵ بە شوودان
- دایکی خوێندەوار پاڵپشتی زیاتری منداڵەکەی دەکات تا گەشەی سروشتی بێت و بەردەوام بێت لە خوێندن،

# ئامانجەکانی خوێندن لەهەرێمی کوردستان:

بەندی 2

خوێندنی بنەڕەتی بە پێی ئەم سیستەمە کار دەکات بۆ ئەوەی سەرجەم منداڵانی کوردستان هەر لە تەمەنی شەش ساڵیەوە بە (9) نۆ ساڵی خوێندنی تەوزیمی (پابەندبوون) بتوانن کەسایەتی خۆیان دروست بکەن و گەشە بە لایەنی هزری و جەستەیی و گیانی و ڕەفتاری خۆیان بدەن و ببنە هاوڵاتییەکی لەش ساغ و دەروون پاك و مێشك کراوە لە پێناوی ئەوەی ڕۆڵێکی ئەرێنیان لە گەشەسەندنی کۆمەڵگەدا هەبێت. لەم بوارەدا دەبێ ڕەچاوی ئەم لایەنانەی خوارەوە بکرێت:

یەکەم: بەرجەستەبوونی خۆشەویستی نیشتمان و نەتەوە و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.

دووەم: دابینکردنی بنەما بنەڕەتییەکانی زانیاری و چاندنی خۆشەویستی زانست و ئارەزووی بەردەوامبوون لە خوێندن.

سێیەم: ڕاهاتن لەسەر خۆشەویستی کار و پەیڕەوکردنی شێوازی دروست بۆ بەردەوامبوون و ئەنجامدانی کارەکان و شارەزابوون لە ئامرازەکانی کارکردن بە تایبەتی لە هەندێك بوار و کەرتی گونجاودا.

**بەندی 3**

**بە مەبەستی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و تەندروستی فرەڕەهەند کە بتوانێت لەگەڵ بەرهەمەکانی جیهانگیری مامەڵە بکات، قوتابخانە بنەڕەتییەکان دەرگاکانی خۆیان بۆ سەرجەم منداڵان ئاوەڵا دەکەن بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەز، نەژاد، ئایین، توانا، باری کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی هەموو منداڵان وەردەگرن و پەرە بە گەشەسەندنی کۆگنەتیڤانەیان دەدەن.**

**بەندی 4**

**سیستەمی پەروەردەی نوێ هەوڵدەدات بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی بڕوا بەخۆ بوو، دیموکرات، دڵسۆز بۆ گەل و نیشتیمان و دەروونتەندروست.**

**پرەنسیپە دیموکراتییەکانی ناو قوتابخانە توانای تاکە کەس لە نێو پۆلدا لە بەرچاو دەگرێت، بە شێوەیەک کە خوێندن و وانە وتنەوە لە پۆلدا بە پێی ئەو توانایانە ڕێکبخرێت بۆ ئەوەی نەوەکانی کوردستان ئەو ساڵانەی تەمەنیان بەسوودترین شێوە بەکار بهێنن.**

**بەندی 5**

**لە سیستەمی نوێی فێرکاریدا کچ و کوڕ یەکسانن لە هەموو ماف و ئەرکێکدا. هیچ جۆرە سەرکوتکردن و سزایەکی جەستەیی قوتابی. فیزیکی یا دەروونی، لە ناو سیستەمی فێرکاری کوردستاندا ڕێگەی پێنادرێت و لە کاتی سەرهەڵدانیدا قوتابخانە لە بنبڕکردنی بەر پرسیارە. قوتابی تەوەری سەرەکی دەبێت، هەموو سیستەمەکە لە پێناوی گەیاندنی بەها بەرزەکان و زانست بە قوتابی کار دەکات.**

**بەندی 6**

**خوێندن بریتییە لە بەرهەمهێنانەوەی زانست و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی دەقەکان، ئەرکی قوتابخانە پەروەردەکردن و ئامادەکردنی قوتابییە، ڕێنماییکاری قوتابییە بۆ ژیانی گەورە ساڵی، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەربەست لە ژێر بەر پرسیاریدا بەشداری کاریگەر لە ژیانی کۆمەڵدا بکات.قوتابخانە دەرگای بیرکردنەوە، داهێنان و دەستپێشخەری بۆ قوتابی ئاوەڵا دەکات و بواری ژیانێکی سەربەخۆی بۆ دەڕەخسێنێت.**

# چوارچێوەی یاسایی:

## 1) پابەندبوونێکی نێودەوڵەتیە (التزام دولي)

- ✓ **ڕێکەوتنامەی مافەکانی منداڵ (CRC) لە ١٩٨٩:**
  - بەندی 28 (مافی خوێندن بەخۆرایی):
  - بەندی 29 (ئامانجەکانی خوێندن):
- ✓ **ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام (SDG):**
  - ئامانجی چوارەم (دابینکردنی خوێندنێکی جۆری (گشتگیر و یەکسان) بۆ هەموان بە کۆتایی 2030).

## 2) پابەندبوونێکی دەستووریە:

- مادەی 34 لە دەستوری عێراق:

# ڕێکەوتنامەی مافەکانی منداڵ:

- مانەوە و گەشەپێدان
- جیانەکاری (عدم التمییز)
- باشترین بەرژەوەندی منداڵ
- ناسنامە/ڕەگەزنامە
- ژینگەی خێزانی
- گوێگرتن لە منداڵ
- ئازادی ڕادەربرین لەچوارچێوەی یاسادا
- بەردەستکردنی زانیاری بەسوود
- پاراستن لە توندوتیژی
- چاودێری تایبەت بۆ کەم ئەندامان.
- چاودێری تەندروستی
- بیمەی کۆمەڵیەتی
- دابینکردنی ئاستی ژیانێکی گونجاو
- **خوێندنی بە خۆرایی**
- کەمەنەتەوایەتیەکان
- یاری و سەرگەرمی
- پاراستن لە چەوساندنەوەی ئابووری (کارپێکردن)
- پاراستن لە مادده هۆشبەرەکان
- پاراستن لە چەوساندنەوەی سێکسی
- ڕفاندن و فرۆشتن و چەکداری

## خوێندن و ماف :

- خوێندن سەرەڕای ئەوەی مافە، دەکرێ لە رێگای خوێندن سەرجەم مافەکانی تری منداڵ فەراهەم بکرێ.

- بەبێ دابینکردنی خوێندنێکی جۆری بۆ منداڵ ئەستەمە مافەکانی منداڵ دابینبکرێ.

- دەکرێ سەرجەم مافەکانی منداڵ لە چوارچێوەی ژینگەی قوتابخانە دابین بکرێت.

**خوێندنی جۆری زامنی مافە**

# بنەماکانی ڕێکەوتنامەی مافەکانی منداڵ:

- باشترین بەرژەوەندی منداڵ
- مانەوەو گەشەپێدان
- جیانەکاری
- بەشداریکردن

منداڵ چەق بێت

گشتگیری/بەرفراوانی

بەشداریکردن

بنەماکانی پەروەردەی جۆری

# بنەماکانی خوێندنی جۆری:

هەموو منداڵێك مافی
خوێندنی هەیە.
جیاوازیەکانی منداڵ
نابێت ببێتە هۆی
جیاکاریو بێبەشبوونی
لە خوێندن.




رەچاوکردنی
بەرژەوەندیەکانی
منداڵ لەکاتی دارشتن
وجێبەجێکردن و
بەدواداچوونی
بریارەکانی تایبەت
بە پەروەردەو
فێرکردنی منداڵ.

منداڵ و کەسوکاری منداڵ دەبێت بەشداربن لە شێوازو
جەوهەری پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنی منداڵ.

# جۆرەكانی خوێندن؟

- خوێندنی فەرمی (التعليم النظامي (formal education
- خوێندنی نافەرمی (التعليم غير النظامي (nonformal education
- خوێندنی هەڕەمەكی (التعليم العشوائي (informal education

| ڕەهەندەكان | خوێندنی فەرمی | خوێندنی نافەرمی | خوێندنی هەڕەمەكی |
|---|---|---|---|
| شوێن | لە قوتابخانە | لە دەرەوەی قوتابخانە | لە هەر شوێنێك |
| شێوازی فێركردن | لەوانەیە توند بێت | نەرمە | نەرمە |
| پلان | پلانی بۆ داڕێژراوە | پلانی بۆ داڕێژراوە | بێ پلانە |
| ڕێكخستن | ڕێكخراوە | ڕێكخراوە | لەخۆڕایە |
| هاندان | هاندان لەدەرەوەیە | هاندان زیاتر لەناوەوەیە | هاندان لەناوەوەیە |
| هەڵبژاردن | تەوزیمیە / بەخورتیە | ئارەزوومەندانەیە | ئارەزوومەندانەیە |
| فێركار | مامۆستا فێركارە | مامۆستا یان ئاسانكار فێركارە | فێرخواز فێركارە |
| هەڵسەنگاندن | فێربوون هەڵدەسەنگێندرێت | فێربوون هەڵناسەنگێندرێت | فێربوون هەڵناسەنگێندرێت |
| زنجیرەیی | یەك لە دوای یەكە | یەك لە دوای یەك نیە | یەك لە دوای یەك نیە |

# جۆرەکانی خوێندن؟



# سیستەمی خوێندن لەهەرێمی كوردستان:

## وەرگرتنی قوتابییان و پشووەكان

بەندی 19

هەموو منداڵێك لە پۆلی یەكەمی بنەڕەتی وەردەگیرێت بە پێی ئەم مەرجانە :

یەكەم: هەر منداڵێك تەمەنی شەش ساڵی تەواو كردبێت یا لە كۆتایی هەمان ساڵی خوێندندا (12/ 31) ئەو تەمەنە پڕ بكاتەوە.

دووەم: ئەو منداڵانەی تا (12/31) تەمەنی 9 ساڵییان پڕ نەكردۆتەوە.

سێیەم: هەر قوتابییەك تەمەنی 20 ساڵی تەواو كردبێت بۆی نییە لە قوتابخانە بنەڕەتییەكانی ڕۆژدا بخوێنێت، بەڵام بۆی هەیە لە قوتابخانەكانی ئێوارانی درێژە بە خوێندن بدات.

چوارەم:سەرجەم منداڵانی كوردستان پابەندن بە تەواوكردنی قۆناغی بنەڕەتی.

# سیستەمی خوێندنی فەرمی (قۆناغی ئامادەیی):

## بەندی ١٤:

دووەم // هەر خوێندکارێك دوای وەرگرتنی لە خوێندنگە ماوەی ( 30 ) رۆژ زیاتر دەوام نەکات بە وازلێهێنراو دادەنرێت لە خوێندنگە، بەلاّم ئەو ساڵەی بە کەوتن بۆ هەژمار ناکرێت و لە تۆمارەکانی خوێندنگەدا ئاماژەی پێ دەکرێت.

سێیەم // ئەو خوێندکارانەی تەمەنی ( 21 ) ساڵیان تێپەڕ کردووە، یا لە 12/31 دا ئەو تەمەنە تێپەر دەکەن، لە پۆلی دەیەمی خوێندنگەکانی رۆژ وەرناگیرێن.

چوارەم // هەر خوێندکارێك تەمەنی لە( 24 )ساڵ تێپەڕی کرد مافی دەوامکردنی نامێنێت لە ئامادەییەکانی رۆژدا.

# وەرگرتنی قوتابیان لە سیستەمی خوێندن:

| پۆل | بازنە | قۆناغ | تەمەنی ڕێپێدراو (جگە لە قوتابخانەکانی ئێواران) | | تەمەنی ڕێپێنەدراو (جگە لە قوتابخانەکانی ئێواران) | لە دایك بووی ئەم ساڵانەی خوارەوە بەپێی پۆلەکان دەتوانن لە ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ وەربگیرێن / بخوێنن | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | لە | بۆ | | | | | | | | | | |
| ١ | بازنەی یەکەم | خوێندنی بنەڕەتی | ٦ | ٨ | ٩ | ٢٠١٤ | ٢٠١٣ | ٢٠١٢ | ٢٠١١ | ٢٠١٠ | ٢٠٠٩ | ٢٠٠٨ | ٢٠٠٧ | ٢٠٠٦ |
| ٢ | | | ٧ | ١٢ | ١٣ | ٢٠١٣ | ٢٠١٢ | ٢٠١١ | ٢٠١٠ | ٢٠٠٩ | ٢٠٠٨ | ٢٠٠٧ | ٢٠٠٦ | ٢٠٠٥ |
| ٣ | | | ٨ | ١٣ | ١٤ | ٢٠١٢ | ٢٠١١ | ٢٠١٠ | ٢٠٠٩ | ٢٠٠٨ | ٢٠٠٧ | ٢٠٠٦ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٤ |
| ٤ | بازنەی دووەم | | ٩ | ١٤ | ١٥ | ٢٠١١ | ٢٠١٠ | ٢٠٠٩ | ٢٠٠٨ | ٢٠٠٧ | ٢٠٠٦ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٤ | ٢٠٠٣ |
| ٥ | | | ١٠ | ١٥ | ١٦ | ٢٠١٠ | ٢٠٠٩ | ٢٠٠٨ | ٢٠٠٧ | ٢٠٠٦ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٤ | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٢ |
| ٦ | | | ١١ | ١٦ | ١٧ | ٢٠٠٩ | ٢٠٠٨ | ٢٠٠٧ | ٢٠٠٦ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٤ | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٢ | ٢٠٠١ |
| ٧ | بازنەی سێیەم | | ١٢ | ١٧ | ١٨ | ٢٠٠٨ | ٢٠٠٧ | ٢٠٠٦ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٤ | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٢ | ٢٠٠١ | ٢٠٠٠ |
| ٨ | | | ١٣ | ١٨ | ١٩ | ٢٠٠٧ | ٢٠٠٦ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٤ | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٢ | ٢٠٠١ | ٢٠٠٠ | ١٩٩٩ |
| ٩ | | | ١٤ | ١٩ | ٢٠ | ٢٠٠٦ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٤ | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٢ | ٢٠٠١ | ٢٠٠٠ | ١٩٩٩ | ١٩٩٨ |
| ١٠ | بازنەی چوارەم | خوێندنی ئامادەیی | ١٥ | ٢٠ | ٢١ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٤ | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٢ | ٢٠٠١ | ٢٠٠٠ | ١٩٩٩ | ١٩٩٨ | ١٩٩٧ |
| ١١ | | | ١٦ | ٢٣ | ٢٤ | ٢٠٠٤ | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٢ | ٢٠٠١ | ٢٠٠٠ | ١٩٩٩ | ١٩٩٨ | ١٩٩٧ | ١٩٩٦ |
| ١٢ | | | ١٧ | ٢٤ | ٢٥ | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٢ | ٢٠٠١ | ٢٠٠٠ | ١٩٩٩ | ١٩٩٨ | ١٩٩٧ | ١٩٩٦ | ١٩٩٥ |

# وەرگرتنی قوتابیان لە بنکەکانی خوێندنی خێرا:

| پۆل | خوێندنی خێرا | تەمەنی ڕێپێدراو لە خوێندنی خێرا | |
|---|---|---|---|
| | ئاست | لە | بۆ |
| ١ | ئاستی یەکەم | ٩ | ٢٠ (کوڕ) |
| ٢ | | | ٢٤ (کچ) |
| ٣ | ئاستی دووەم | | |
| ٤ | | | |
| ٥ | ئاستی سێیەم | | |
| ٦ | | | |
| ٧ | ئاستی چوارەم | | |
| ٨ | | | |
| ٩ | ئاستی پێنجەم | | |

# سیستەمی خوێندنی فەرمی لەهەرێمی کوردستان:

بەندی 20

هەر منداڵێك بیەوێت لە قوتابخانە بنەڕەتییەکاندا بخوێنێت دەبێ ئەم بەڵگە نامانەی خوارەوە پێشکەش بکات:

یەکەم: فۆڕمی تایبەت بە وەرگرتنی قوتابییان کە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە دیاری کراوە.

دووەم: بەڵگە نامەیەکی فەرمی کە تیایدا تەمەنی ئەو قوتابییە دیاری کرا بێت. هەر کات لە گوندەکان و ناوچە دوورە دەستەکاندا بەڵگە نامەیەکی لەم بابەتە لە بەر دەستدا نەبوو، ئەو کاتە کێشەکە دەخرێتە ژێر دەسەلاتی لیژنەیەکەوە کە لە بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستای پۆلی یەکەم و پزیشکی ناوچەکە (ئەگەر هەبێت) پێك دێت بۆ خەمڵاندنی تەمەنی ئەو قوتابییە تا ئەو کاتەی بەڵگەیەکی فەرمی پەیدا دەکات.

سێیەم: بەڵگەنامەی لەش ساغی لە نەخۆشییە درمییەکان کە لە لایەن لیژنەی تەندروستی قوتابخانەکانەوە (گبابە الصحە المدرسیە) یان لە لایەن هەر پزیشکێکی فەرمییەوە دەرچوو بێت.

چوارەم: بەڵگەنامەی کوتانی دژ بە ئاوڵە و ئیفلیجی.

پێنجەم: هەر قوتابییەك لە سەرەتای ساڵی خوێندن دوای وەرگرتنی لە قوتابخانە ماوەی (30) ڕۆژ زیاتر دەوام نەکات بە وازلێهێنراو دادەنرێت لە قوتابخانە، بەڵام ئەو ساڵەی بە کەوتن بۆ هەژمار ناکرێت و لە تۆمارەکانی قوتابخانە ئاماژەی پێدەدرێت.

# سیستەمی خوێندنی فەرمی لەهەرێمی کوردستان:

بەندی 21

لە مانگی شەشی هەموو ساڵێکدا دەست بە تۆمارکردنی ناوی قوتابییە تازەکان دەکرێت.

وەزارەتی پەروەردە بۆی هەیە ئەو ماوەیە درێژ بکاتەوە یان بیگۆڕێت.

بەندی 22

یەکەم:ئەو قوتابییانەی لە قوتابخانەی تایبەت یان بە شێوەیەکی جیا لە سیستەمی قوتابخانەکانی کوردستان خوێندویانە لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە ئاستی زانستییان هەڵدەسەنگێندرێت و ڕەچاوی تەمەنیان دەکرێت بۆ ئەوەی لە پۆلێکی شیاو لەگەڵ ئاستی زانستی خۆیاندا دابنرێن. وەرگرتنی ئەو قوتابییانە دەبێ پێش مانگی تشرینی یەکەم (ئوکتۆبەر) یەکلایی بکرێتەوە و تەنها بۆ پۆلەکانی یەکەم تاکو چوارەم دەبێت.

دووەم: ئەو قوتابییانەی لە دەرەوەی وڵات گەڕاونەتەوە لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتی وەزارەتی پەروەردە بڕوانامەکانیان بەرابەر دەکرێ و ئاستی زانستییان هەڵدەسەنگێندرێت بۆ ئەوەی لە پۆلێکی شیاو لەگەڵ ئاستی زانستی خۆیاندا دابنرێن.

# سیستەمی خوێندنی فەرمی لەهەرێمی کوردستان:

بەندی 28

دەستەی مامۆستایان کار بۆ ئەوە دەکات هەموو قوتابییان بە بەردەوامی لە قوتابخانە ئامادەبن و لە کاتی دابڕانیشیاندا (بەبێ هۆکاری شیاو) دەستەی ناوبرا و ئەم ڕێوشوێنانە دەگرێتە بەر:

ئ. ئاگادار کردنەوەی دایبابەکان ئەگەر دابڕانی قوتابی یەك هەفتەی خایاند.

ب. بانگکردنی دایبابەکان بۆ قوتابخانە ئەگەر دابڕانی قوتابی دوو هەفتەی خایاند.

پ. دەرنەچوواندنی قوتابی لەو ساڵەدا ئەگەر ماوەی دابڕانی قوتابی 25 ڕۆژ زیاتری خایاند.

بەندی 29

دەستەی مامۆستایان کار بۆ دانەبڕانی قوتابییان دەکات لە قوتابخانە و لە هۆکارەکانی ئەو دابڕانانە دەکۆڵێتەوە و یارمەتییان دەدات بۆ ئەوەی بە هاوکاری دایبابەکان کێشەکانیان چارەسەر بکات. لەم بوارەشدا دەبێ سەرجەم یاسا و بڕیارەکانی وەزارەتی پەروەردە لەمەڕ خوێندنی تەوزیمی ڕەچاو بکرێت.

# هەڵمەتی گەڕانەوە بۆ خوێندن/فێربوون:

- ✓ ئامانجەکان (objectives) ی هەڵمەت.
- ✓ نیشانەکان (targets) ی هەڵمەت.
- ✓ شێوازی کارکردن و چۆنیەتی گەڕاندنەوەوی ئەو منداڵانەی دابڕاون لە خوێندن یان هەر نەچوونەتە بەر خوێندن.
- ✓ پابەندبوون بە ڕێنماییە تەندروستیەکان لەکاتی کارکردن.
- ✓ هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی پەروەردە و قوتابخانەکان و لایەنەکانی تری پەیوەندیدار.
- ✓ بەدواداچوونی منداڵ دوای گەڕانەوە بۆ بەر خوێندن.
- ✓ پەیامەکانی هەڵمەت و کاریگەری خستنە سەر کۆمەڵگە (دایبابان/باوان) لە ڕێگای گفتوگۆ و ووتووێژ.
- ✓ تۆمارکردنی منداڵ لەسیستەمی سەرهێڵ (online system)

# ئامانجەکانی هەڵمەتی گەڕانەوە بۆ خوێندن :

1) گەڕاندنەوەی ئەو منداڵانەی دابڕاون لەخوێندن یان هەر نەچوونەتە بەر خوێندن لە هەرێمی کوردستان.

2) کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئەو منداڵانەی دابڕاون لەخوێندن یان هەر نەچوونەتە بەر خوێندن.

3) هاوکاریکردنی وەزارەتی پەروەردە لە دامەزراندی سیستەمێك بۆ بەدواداچوونی ئەو منداڵانەی دابڕاون لەخوێندن یان هەر نەچوونەتە بەر خوێندن.

# نیشانەکانی هەڵمەتی گەڕانەوە بۆ خوێندن/فێربوون:

| ز | شار / قەزا | پارێزگا | ژمارەی تیمەکان | ژمارەی کارمەندان | ژمارەی ئەو منداڵانەی دەگەڕێندرێنەوە بۆ بەر خوێندن | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | کۆمەڵگەی نیشتەجێ | پەنابەری سووری | سەرجەم |
| ١ | ناوەندی هەولێر | هەولێر | ٧ | ١٤ | ٨٤٠ | ٢٨٠ | ١١٢٠ |
| ٢ | دەشتی هەولێر | هەولێر | ٥ | ١٠ | ٦٠٠ | ٢٠٠ | ٨٠٠ |
| ٣ | سۆران | هەولێر | ٣ | ٦ | ٣٦٠ | ١٢٠ | ٤٨٠ |
| ٤ | کۆیە | هەولێر | ٣ | ٦ | ٣٦٠ | ١٢٠ | ٤٨٠ |
| ٥ | مەخمور | هەولێر | ٣ | ٦ | ٣٦٠ | ١٢٠ | ٤٨٠ |
| ٦ | ناوەندی سلێمانی | سلێمانی | ١٠ | ٢٠ | ١٢٠٠ | ٤٠٠ | ١٦٠٠ |
| ٧ | چەمچەماڵ | سلێمانی | ٤ | ٨ | ٤٨٠ | ١٦٠ | ٦٤٠ |
| ٨ | رانیە | سلێمانی | ٣ | ٦ | ٣٦٠ | ١٢٠ | ٤٨٠ |
| ٩ | پشدەر | سلێمانی | ٢ | ٤ | ٢٤٠ | ٨٠ | ٣٢٠ |
| ١٠ | سەیدسادق | سلێمانی | ٢ | ٤ | ٢٤٠ | ٨٠ | ٣٢٠ |
| ١١ | بەردەڕەش | دهۆك | ٩ | ١٨ | ١٠٨٠ | ٣٦٠ | ١٤٤٠ |
| ١٢ | زاخۆ | دهۆك | ٤ | ٨ | ٤٨٠ | ١٦٠ | ٦٤٠ |
| ١٣ | ئاکرێ | دهۆك | ٤ | ٨ | ٤٨٠ | ١٦٠ | ٦٤٠ |
| ١٤ | ئامێدی | دهۆك | ٤ | ٨ | ٤٨٠ | ١٦٠ | ٦٤٠ |
| کۆی گشتی | | | ٦٣ | ١٢٦ | ٧٥٦٠ | ٢٥٢٠ | ١٠٠٨٠ |

# زۆر سوپاس

unite for
children

unicef